www.kurdistannet.org
26-1-2006 23:54بەكاتی ناوەندی ئەورووپا

## ئەمە سەرەتای ململانێی یەكلاییكەرەوەی نێوان سەرانی دەسەڵاتی هەولێر و توێژی ڕۆشنبیرانە ... سالار باپیر

ماوەیەكە دنگوباسی ئەوە هەیە كە لە ژێر ڕۆشنایی تێهەڵچوونەوەی دادگادا، دكتۆر كەمال سەید قادر ئازاد دەكرێت. تەنانەت لە سایتی 'پەیامنێر'دا وێنەیەكی فۆتۆگرافی د. كەمال نیشاندراوە كە گوایە ئەو وێنەیە لە ناو زینداندا گیراوە (نازانم ئەوە چەند ڕاستە، چونكە ژوورەكە و ناواخنەكەی نەك لە ژووری زیندانێكی میلیشیاییەكی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناچێت، بەڵكو گومانم هەیە لە ئەورووپاش زیندانەكان وەها بن؛ بڕوانە
www. peyamner. om/article.php?id=33959&lang=Kurdish
لێرەدا من باس لە ناشارستانی و نالەباریی دەسەڵاتی هەولێر، یاخود بە واتایەكی تر بنەماڵەی بارزانی ناكەم، ئەو باسە بە باش و بە خراپ زۆری لەسەر گووتراوە، بەڵكو باس لە ئەوە دەكەم كە گومانم نیە كە د. كەمال لە ئایندەیەكی نزیكدا ئازاد دەكرێت. پێدەچێت دوو سیناریۆ لە ئارادابن. یەكەم ئەوەیە كە دەڵێن دادگا هەموو بڕیارەكانی هەڵوەشاندووەتەوە و دەبێت ئازاد بكرێت. دووەم سیناریۆ ئەوە دەبێت كە سەرانی باڵای دەسەڵاتی هەولێر پاش ماوەیەكی تر، بۆ نموونە بە بۆنەی نەورۆزەوە، دەیكەن بە خاتروخۆتری ئەم و ئەو و وەكو هەموو شتەكانی تر دەیكەن بە منەت بەسەر میللەتەوە و دكتۆر كەمال ئازاد دەكەن. هەروەها بە دووری نازانم كە هاوشانی ئەو چەند تاوانكارێك ئازاد بكەن بۆ چەواشەكردن و سووكایەتیكردن بە د. كەمال. دەبێت ئەوە بڵێم كە ئەو ئازادكردنە لە میهرەبانی و شارستانیان نابێت بەڵكو لە ژێر زەبری ئەو گوشارەدا دەبێت كە ڕۆژانە لە زیادبوونە.
لە ڕاستیدا سەرانی باڵای دەسەڵاتی هەولێر (بنەماڵەی بارزانی) هەڵەیەكی گەورەیان كرد كە د. كەمالیان گرت و هەڵەیەكی گەورەتریش كە بە 30 ساڵ حوكمی زیندانییان بۆ دەركرد. ئەوان بە ئەو كارە خۆیان تووشی گێژاوێك كرد كە دەربازبوون لێی ئاسان نیە. ئەو بەرگە ساختە دەرەكییەی خۆیان پێ ڕازاندبووەوە لای هەموو كەسێك ئاشكرابوو. خوێندنەوەیان بۆ ئاستی كاردانەوەی ڕۆشنبیران و بە هاناوەچوونی گرتنی د كەمال خوێندنەوەیەكی زۆر هەڵە بوو. زۆربەی هەرە زۆری ئەوانەی لە ئەم مەسەلەیەدا هاتونەتە قسە نە د. كەمال دەناسن و نە كتومت لەگەڵ شێوازی دەربڕینی نووسینەكانیدا نەبوون (خۆم یەكێكم لە ئەوانە) ، بەڵام تێكڕا هەموو كرۆكی ئەو بەشەی دەسەڵاتی ئەمڕۆی كوردستانیان بۆ ڕوون بووە و هەموو بێباكانە و بێ دوودڵی نارەزایی و دژایەتی خۆیان بەرامبەریان دركاند.
كاتێك ئەوان بوونە پێشڕەوی لەشكركێشی عێراق لە 31ی ئابدا، ڕۆشنبیران بایەخێكی ئەوەندەیان بە ئەو باسە نەدا چونكە بە درێژایی مێژووی پڕ نەهامەتیی ئەم میللەتە ئەوە یەكەم كاری ناجوامێرانەی هەر كام لە پارتی دیموكراتی كوردستان و یەكێتی نیشتمانی كوردستان نەبوو و ئەڵقەیەكی تری كێشمەكێشی ناشارستانی نێوان ئەو دوو زلحیزبە بوو. بەڵام گرتنی كەسێكی ئەكادیمی لەسەر دوو نووسین و حوكمدانی بە 30 ساڵ بەزاندنی ئەو هێڵە سوورە بوو كە ئەوان بە ئەو كارە خۆیان خستە ململانێیەكی یەكلاییكەرەوە لەگەڵ ڕۆشنبیراندا.
ئاخر لە توركیادا كە ئەوپەڕی بەربەریزم پەیڕەو كراوە، ئەوان دەیانویست ئۆرهان پاموك تەنها بە 3 ساڵ حوكم بدەن ئەویش بە تۆمەتی ئیهانەكردنی 'ڕۆحی توركایەتی' نەك بە

تۆمەتی تانەلێدان لە بنەماڵەیەک! دەسەڵاتی هەولێر ویستی پێمان بڵێت کە نەکەن زاتی ئەوە بکەن بەرامبەر بنەماڵەی بارزانی ورتە بکەن، بەڵام ئەوەیان لە بیر چوو کە ئێستا خەڵک نەک باکی بە بنەماڵە نیە بەڵکو ئەوەتا بێبکانە ڕەخنە، تانە و دژایەتی ئاینێکی دواکەوتوو و کوشندەی وەکو ئیسلام دەکەن کە پیرۆزیی لە لایەن هەندێک نەفام ئەوپەڕیەتی.

زۆر بە داخەوە، هەندێک لە هەنگاوەکانی ئەم ساڵانەی دوایی دەسەڵاتی هەولێر منی چەواشە کرد و وەهام دەزانی کە ئەوان دەیانەوێت هەنگاو و بەرەو شارستانی و هاوچەرخی هەڵبنێن، بەڵام ئەم کارە ناجوامێرانەیان ناوەرۆکی ڕاستەقینەی دەرخستن و نیشانی دا کە مەسەلەکە لە گۆڕینی باوک بە کوڕ و مام بە برازا نیە بەڵکو پێویستمان بە گۆڕانێکی بنەڕەتییە لە ئەقڵیەت و هەڵسوکەوتدا.

لەندەن - 25ی جەنیوەریی 2006

salarb@hotmail. com